حیزبی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئێران وەک پێنابەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت

لیژنەی ئاسایشی عێراق: حیزبی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئێران وەک پێنابەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و عێراقیش داوای درێژکردنەوەی مۆڵەتی لە تاران کردووە.

لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق جەختیکردەوە لە هەڵوێستی ئاسایشی نەوان عێراق و ئێران، سەبارەت بە حیزبی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئێران لە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کە حیزبی ئۆپۆزسیۆنەکان وەک پێنابەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

وەعد قادر ئەندامی لیژنەکە لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی "موتەبع" ڕایگەیاند: "دەسەڵی حیزبی ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان ئاڵنگاز و لە مەڕۆیە و حکومەتی عێراقی زۆر شەرمەزار کردووە، بەهۆی دانوستانە بەردەوامەکانی نێوان هەردوو وڵات و بڕیارنەهێنانی خاکی هەردوو وڵات بۆ هەڕشکردنە سەر ئەوی دیکە، لەسەر ئەم پرسەش هەڵوێستێک لێنەوان عێراق و ئێران ئەنجام درا"، قادر ئاماژەی بەوەکرد، کە "ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە عێراق زیانێکی زۆری بە وڵاتەکە گەیاندووە و لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە هەڕەشەی بە وڵاتانی دراوسێ دروستکردووە"، وتیشی: "فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق، داوەکەی سەرکەوتووی بۆ گەیشتن بۆ هەڵوێستێک، کە دەبێتە هۆی دامالینی چەکەکانی حیزبی کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆن لەناو خاکی عێراقدا و گواستنیان بۆ کەمپەکان وەک هاوڵاتیانی مەدەنی،

یان شونکانی دوور لە سنوور و وەک پێنابەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت هەتا کۆشکانیان چارسەر دەکرێت"، جەختی کردەوە کە "عێراق داوای درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی لە ئێران کردووە، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی پێویستی لەبەردەست نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە و گواستنەوەو نیشتەجێکردنی ئێندامانی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕۆژهەڵات لە کەمپەکان لەو ماوەیەی کە ئێران داویەتی"، هۆنیشیکردەوە، "حکومەتی هەرێم لەسەر هەڵەی دانوستانکان بووە لەم بارەیەوە و عێراق بگشتی نیازپاکی بۆ لایەنی ئێرانی نیشانداوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بەشێوەی هێنگاو".